٦٩
زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین

خۆشیەکانی بەهەشت

ئامادەکردنی
م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی

١
لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین
ژمارەی مۆڵەت ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠

پێشەکی

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين نبينا محمد وعلى آله وصحبه والتابعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

بەرێزان بە پشتیوانی خوای گەورە لەم چەند لاپەڕەیەدا باسی هەندێك لەخۆشیەكانی بەهەشت دەكەین بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سودمەندی گشت لایەكمان و هەوڵی بۆ بدەین بە ئە نجامدانی كردەوەی چاك و دوور كەوتنەوە لەكردەوەی خراپ " بێگومان بەدەست هێنانی بەهەشت لەدوای رەحم و بەزەیی خوای گەورە بەوەدەبێت كەوا گوێرایەڵی خوای گەورە و نێردراوەكەی بكەین صلى الله عليه وسلم وە دووربكەوینەوە لەگشت ئەوشتانەی نەهیمان لیٚ كراوە و هۆكارن بۆ چوونە دۆزەخ و دووركەوتنەوە لەبەهەشت " خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ وَمَنْ يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ . (**الفتح** :١٧) .

واتە : ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەكەی بكات صلى الله عليه وسلم ، خوای گەورە دەیخاتە باخەكانی بەهەشتەوە كەچەندەها ڕووبار بەژێر درەخت و كۆشكەكانیاندا دەڕوات ، ئەو كەسەش كە پشت هەڵكات خوای گەورەسزای بەئێش و ئازاری دەدات .

داواكارم لەخوای گەورە بە بەهەشت شادمان بكات و لەئاگری دۆزەخ بەدورمان بخات .

باسی خۆشی کۆشکەکانی بەهەشت لە قورئانی پیرۆزدا

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِنْ فَوْقِهَا غُرَفٌ مَبْنِيَّةٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ وَعْدَ اللَّهِ ۖ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ الْمِيعَادَ ﴾ (الزمر : ٢٠) .

واتە : بەڵام ئەوانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسان و دیندار بوون کۆشك و تەلاری چەند نهۆم کە ژوورەکانی لەسەریەکن بۆیان ئامادەیە ، چەندەها ڕوبار بەژێر بە بەردەم ئەو کۆشکانەدا جاریە و دەڕوات ، ئەوەش بەڵێنی خوایە ، بێگومان خوایش بەڵێنی خۆی دەباتە سەر .

وە فەرموویەتی: ﴿ فَأُولَئِكَ لَهُمْ جَزَاءُ الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ ﴾ (سبإ : ٣٧) .

واتە : (ئەوانەی نزیکن لە ئێمەوەو ڕێزیان لای ئێمە هەیە) ئا ئەوانە پاداشتیان چەند بەرابەرە بەهۆی کردەوەی چاکیانەوە، هەر ئەوانیش لە کۆشك و تەلارەکانی (بەهەشتدا) بە ئاسودیی و ئارامیی و خۆشیی ، ژیان دەبەنەسەر .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ (التوبة : ٧٢).

واتە : خوای گەورە بەڵێنی داوە بە ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان، بەوەی کە باخەکانی بەهەشتیان پێ دەبەخشێت کە چەندەها ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات و جاریە بە بەردەم کۆشکەکانیاندا، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و

نەبڕاوە تیایدا ، هەروەها چەندەها جێگە و ڕێگە و کۆشك و تەلاری خۆش و ڕازاوەی تایبەتی لە بەهەشتداو لەناو باخی چڕوپڕی (عەدن) دا، لەگەڵ ڕەزامەندی خوای گەورەدا، کە لە هەموو نازو نیعمەتەکان بەنرخترو گرنگترە ، ئەوە خۆی سەرفرازیەکی زۆر گەورە و بێ ئەندازەیە .

باسی ڕوبارەکانی بەهەشت لەقورئانی پیرۆزدا

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أُولَـٰئِكَ جَزَاؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ ﴾ (آل‌عمران : ١٣٦) .

واتە : ئا ئەوانە پاداشتیان لێخۆشبوون و لێبووردنە لە لایەن پەروەردگاریانەوە لەگەڵ باخەکانی بەهەشتدا کە چەندان ڕووبار بەژێر درەخت و بە بەردەم کۆشکەکانیاندا دەڕوات و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنەسەر، ئەم بەهرەیە پاداشتێکی زۆر چاکی کۆششکارانە .

وە فەرموویەتی : ﴿ مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ ۖ فِيهَا أَنْهَارٌ مِّن مَّاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى ﴾ (محمد : ١٥) .

واتە: وێنەی ئەو بەهەشتەی کەبەڵێن دراوەبدرێت بەخواناس و پارێزکاران ، ئەمەیە: چەندەها ڕووباری لەئاوی سازگارو تام نەگۆڕاوی تێدایە ، هەروەها چەندەها ڕووباری شیر کەتامی تێك نەچووە، هەروەها چەندەها ڕوبار لەشەرابی تام خۆش و بۆنخۆش ، (کەلەخواردنەوەی بێزار نابن و لەبەر چاویان ناکەوێت) بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە، چەندەها ڕوبار لەهەنگوینی پاڵفتەو بێگەرد .

باسی خواردن و خواردنەوەی ئەهلی بەهەشت لە میوە و گۆشت و شەرابی بەتام

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَمْدَدْنَاهُمْ بِفَاكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ (٢٢) يَتَنَازَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ﴾ (الطور :٢٢-٢٣) .

واتە : بەردەوام حەزیان لەهەر میوە و گۆشتێك بێت پێشكەشیان دەكەین " بەدڵ خۆشیەوە لەكاسی تایبەتیدا شەراب دەنۆشن، جار جار بۆ خۆشی لەیەكتری دەسێنن، دوور لەرەفتاری ناشیرین و گوناهو تاوانباركردنی یەكتر .

وە فەرموویەتی : ﴿يُسْقَوْنَ مِنْ رَحِيقٍ مَخْتُومٍ ۝٢٥ خِتَامُهُ مِسْكٌ وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ﴾ (المطففين :٢٥-٢٦) .

واتە : شەرابێكیان پێشكەش دەكرێت ، كە پاك و سەرمۆرە " كە نۆشكرا بۆنی میسك ئەو ناوە پڕدەكات، (پێچەوانەی شەرابی دنیایە كە بخۆرو دەوروبەریش بۆگەن دەكات)، جا با لە پێناوی ئەوەدا پێشبڕكێكەران پێشبڕكێ بكەن .

وە فەرمویەتی : ﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ ۝١٧ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ ۝١٨ لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنْزِفُونَ ۝١٩ وَفَاكِهَةٍ مِمَّا يَتَخَيَّرُونَ ۝٢٠ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ ۝٢١ وَحُورٌ عِينٌ ۝٢٢ كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ ۝٢٣ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾. (**الواقعة** :١٧-٢٤) .

واتە : لاوانی جوان و ئێسك سووك و نەمر بەدەوریاندا دێن وخزمەتیان دەكەن و هەمیشە گەنجن و پیرنابن " بەكوپ و دۆڵكە و سوراحیەوە دەگەڕێن و لە پەرداخی تایبەتدا جۆرەها شەربەت و شەراب و خواردنەوەی بەتام و خۆشیان پێشكەش

دەکەن کەلەسەرچاوەیەکی ڕەوانەوە پڕ دەکرێن " ئەو شەرابانە نەسەریان پێی دێتە ئێش و نەسەرخۆش دەبن " میوەشیان بۆ دەگێڕن ، بەئارەزووی خۆیان لێی هەڵدەبژێرن " گۆشتی هەر باڵندەیەکیش کەحەزی لێ بکەن بۆتان ئامادەیە " هاوڕێ لەگەڵ حۆری چاوگەش و چاو ڕەشیش کە وەك مرواری شاراوەودەست لێ نەکەتوو وان " لە پاداشتی کاروکرەوەی چاکیانداکە دەیانکرد .

باسی دەرگاکانی بەهەشت و چۆنیەتی چوونە بەهەشت و بەخێرهاتن و سەلام لێکردنیان لەلایەن فریشتەکانەوە

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ ﴾ (الزمر :٧٣) .

واتە : ئەوانەی کە پارێزکار و بەندەی ملکەچی پەروەردگاریان بوون، ئەوانەی حسابیان بۆ ئەو ڕۆژە دەکرد دەستە دەستە و پۆل پۆل بەوپەڕی ڕێزەوە بەڕێ دەکرێن بەرەو بەهەشت، هەتا کاتێ کە دەگەنە ئەوێ دەروازەکانی لە ڕوویاندا کراوەیە و لە سەر پشتە، فریشتەکانی بەرپرس و سەرپەرشتیارانی بەهەشت زۆر بەگەرمی و ڕووخۆشیەوە پێشوازییان لێ دەکەن و دەڵێن: درود و سڵاوتان لێبێت، ئێوە پاك و خاوێنن، کەواتە فەرموون بچنە ناو بەهەشتەوە، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا.

باسی جام و گلاس و كۆپه جوانەكانی بەهەشت

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ۖ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ ۖ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾. (الزخرف :٧١) .

واتە : لەسەر سینی و كوپی ئاڵتون جۆرەها خواردن و خواردنەوەی جوان و ڕازاوە و تام خۆش و بۆن خۆشیان بەسەردا دەگێڕن و لەو بەهەشتەدا هەرچی نەفس حەزی لێ بكات و دڵ بیخوازێت و چاو حەز بەدیتنی بكات ئامادەیە و ئێوە، ئەی خواناس و پاكان، ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەشی تیادا دەبەنە سەر.

وە فەرموویەتی : ﴿بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ﴾ . (الواقعة :١٨) .

واتە : بەكوپ و دۆڵكە و سوراحیەوە دەگەڕێن و لە پەرداخی تایبەتدا جۆرەها شەربەت و شەراب و خواردنەوەی بەتام و خۆشیان پێشكەش دەكەن كەلەسەرچاوەیەكی ڕەوانەوە پڕ دەكرێن .

باسی پۆشاك و ئاڵتون و زیوی بەهەشت

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَلْبَسُونَ مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَقَابِلِينَ﴾ . (الدخان :٥٣) .

واتە : دەپۆشن لە ئاوریشمی تەنك و ئەستوور، لەو كاتەدا، خۆشەویستان بەرامبەر یەك دادەنیشن و (بەڕووی خۆشەوە بۆ یەكتر دەڕوانن و گفتوگۆی خۆش و بەتام دەكەن) .

وه فەرمویەتی : ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ ۚ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا﴾ . (الكهف : ٣١) .

واتە : ئا ئەوانە باخەکانی بەهەشتی_عەدن_بۆیان ئامادەیە، کە چەندەها ڕووبار بەبەردەمیاندا جاری و ڕەوانە، بازن و دەستەبەندو (سەعاتی) ئاڵتونیان لە دەست دەکرێت، پۆشاکی سەوزی جوان دەپۆشن کە دووتوێیە، چینی ژێرەوە ئاوریشمی ئەستوورە، چینی سەرەوە ئاوریشمی تەنکە ، لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان شانیان داداوە، بەڕاستی ئەو بەختەوەرانە چاکترین و جوانترین و خۆشترین پاداشتیان دەستکەوتووە، هاوڕێ لەگەڵ خۆشترین و سازگارترین جێگەو ڕێگەدا.

وه فەرمویەتی : ﴿عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ ۖ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِنْ فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا﴾.(الانسان : ٢١) .

واتە : پۆشاکی بەختەوەران ئاوریشمی سەوزی تەنکە کە بەسەر پۆشاکی ئاوریشمی ئەستووردا لەبەریان کردووە، بە بازنی زیوی ڕازێنراونەتەوە، ئینجا لەلایەن پەروەردگاریانەوە شەرابی پاك و بێگەرد و خاوێنیان پێشکەش کراوە .

باسی خێوەت و چادرە جوانەکانی بەهەشت کە لە مرواری دروست کراون

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ﴾ . (الرحمن : ٧٢) .

واتە : حۆریەکانی بەهەشت ژنانی سپیی چاو ڕەشن ، لەناو خێوەت و چادرەکاندا دەرناچن .

باسی منداڵە جوانەکانی بەهەشت

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ (١٧) بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ ﴾ . (الواقعة :١٧- ١٨) .

واتە : کۆمەڵە منداڵێکی ئێسك سووك و هەمیشە لاو خزمەتیان دەکەن و دەگەڕێن بەسەریاندا " بەکوپ و دۆڵکە و سوراحیەوە دەگەڕێن و لە پەرداخی تاییەتدا جۆرەها شەربەت و شەراب و خواردنەوەی بەتام و خۆشیان پێشکەش دەکەن کەلەسەرچاوەیەکی ڕەوانەوە پڕ دەکرێن .

وە فەرمویەتی : ﴿وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَنْثُورًا﴾ . (الانسان :١٩) .

واتە : نەوجەوانانی هەمیشە لاوو ڕووخۆش و جوان و پاك، بەناویاندا دەگەڕێن کاتێك دەیانبینیت وا دەزانیت مروارین و بەو ناوەدا بڵاو بوونەتەوە .

باسی جوانی حۆری و ئافرەتانی بەهەشت

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَعِنْدَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَكْنُونٌ﴾.(الصافات :٤٨-٤٩) .

واتە : لە تەنیشتیانەوە حۆری چاوگەش دانیشتوون، جگە لە هاوسەرانیان چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن " هەر دەڵێی هێلکەی کوڵاوی پاك کراو و شاراوەن (کەس دەستی لێ نەداون) .

وە فەرمویەتی : ﴿كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ﴾. (الرحمن :٥٨) .

واته : ئەو هاوسەرانەلەجوانی و شۆخ و شەنگی و قەشەنگیدا وەکو یاقووت و مەرجان وان .

وە فەرمویەتی : ﴿حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ﴾ . (الرحمن : ٧٢) .

واته : حۆریەکانی بەهەشت ژنانی سپیی چاو ڕەشن ، لەناو خێوەت و چادرەکاندا دەرناچن .

وە فەرمویەتی : ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ ۖ وَزَوَّجْنَاهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾. (الطور : ٢٠).

واته : لەسەر قەنەفەی ریزکراو، پاڵیانداوەتەوەو ڕوویان لەیەککردووە وە هاوسەرمان کردوون بە ژنانی سپی و چاو گەورە .

خۆشترینی خۆشیەکانی بەهەشت بریتیە لە بینینی خوای گەورە

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۖ﴾ . (یونس : ٢٦) .

واته : بۆ ئەوانەش چاکە دەکەن ، پاداشی زۆرچاك و بەهەشت هەیە {وزیادە} وەزیاد لەوەش، واته : دیتنی ڕووی پیرۆزی خوای میهرەبان و تەماشا کردنیی .

وە فەرمویەتی : ﴿لَهُم مَّا يَشَاءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ﴾ . (ق : ٣٥) .

واته : حەزیشیان لە هەرچی بێت بۆیان هەیە داوای بکەن ،لەفەرمووەدەدا هەیە کە ئەگەر بەهەشتیان حەزیان لەگۆشتی برژاوی باڵندە بیّ ، زوو دەهێنرێتە بەردەستیان (ئیبن ئەبوو حاتەم)، خۆ ئەگەر حەزیان لەمنداڵ و زارۆڵەش بێت، ئەوا لەیەك ساتدا لەدایك دەبیّ. (ئەحمەد، ئیبن ماجە، ترمزی). {ولدینا مزید} وەزیادەش لەوە کە بەخەیاڵی هیچ کەسێکدا نایەت، لامان هەیە . ئەو

زیادەیەش - وەك (موسلیم) دەڵێ- سەیروو تەماشای دیمەن و روخساری پیرۆزی خوای پەروەردگارە-جل جلاله- .

وە فەرمویەتی : ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ . (القيامة :٢٢- ٢٣).

واتە : لەرۆژی قیامەتدا دەم و چاوو روخسارگەلێ (واتە: روومەتی باوەڕداران) گەشاوەو پاراوو پرشنگدارە و خۆشیی و شادییان لێ دەبینرێ " بۆ پەروەردگاری خۆیان دەڕوانن . جەماوەری زانایان- وەك لەچەندین فەرموودەی ڕەواو (صەحیح) وەرگیراوە- دەڵێن : مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە لەرۆژی قیامەتدا بەندە صالّحەکان تەماشای خوای خۆیان دەکەن و، بەچاوی خۆیان دەیبینن ، وەك چۆن بەئارەزووی خۆیان تەماشای مانگە شەوی چواردە دەکەن و دەبینن. (ئیبن کەسیر) دەڵێ: رای کۆی هاوەڵان و شوێنکەوتوان (الصحابه والتابعون)یش هەر ئەمەیە، وە هەموو پێشەوایانی ئیسلام پاش ئەوانیش یەك دەنگن تێیدا. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ پشتگیری لەو مەبەستە دەفەرمووێ: ﴿إنكم ترون ربكم كما ترون هذا القمر..﴾فتح الباري:٤٢٩/١٣ و مسلم: ٤٣٩/١ . **ودەفەرموێ:** [إذا دخل أهل الجنة الجنة، يقول الله تعالى: تريدون شيئا أزيدكم؟ فيقولون: ألم تبيض وجوهنا؟ ألم تدخلنا الجنة وتنجنامن النار؟ قال: فيكشف الحجاب، فما أعطوا شيئا أحب إليهم من النظر الى ربهم، وهى الزيادة]) في قوله تعالي: [للذين أحسنوا الحسنى وزيادة].موسليم: ١٦٣/١. **یان دەفەرمووێ:** [إن الله يتجلى للمؤمنين يضحك].موسليم ١٧٨/١.

باسی جوانی قەنەف و سیسەم و رایەخ و پاڵەپشتی بەهەشت

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ ﴿١٣﴾ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴿١٤﴾
وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ﴾ (الغاشية :١٣-١٦) .

واتە : هەروەها چرپا و سیسەم و جێگەی حەوانەوەی بەرز و بڵند کراوەی لێیە " (لە نزیك ئەو بەختەوەرانەوە لە هەر کوێدا بن) کوپ و سوراحی و پەرداخی (جوان و ڕازاوە و نەخشین) دانراوە " وە هەروەها پشتی و سەرین و پاڵپشتی جوان و ڕازاوەی تیادایە کە بە ڕێکو پێکی ڕیزکراون " وە

فەرش و ئۆرتە و ڕایەخی قەشەنگ و نەخشینی تیادا ڕاخراوە (هەموو کۆشك و تەلارو ڤێلاکانی پێرازێنراوەتەوە) .

وە فەرمویەتی : ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ ۖ وَزَوَّجْنَاهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾ . (الطور :٢٠).

واتە : ئەو بەختەوەرانەبەکەماڵی ئیسراحەت) پاڵیان داوەتەوەلەسەر کورسی و قەنەفەرازاوەکان، کەبەشێوەیەکی جوان و ڕێك ڕیز کراون، ئێمە هاوسەرانی حۆری چاوگەشەمان لێ مارەکردوون .

وە فەرمویەتی : ﴿هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلَالٍ عَلَى الْأَرَائِكِ مُتَّكِئُونَ﴾. (یس :٥٦) .

واتە : خۆیان و هاوسەرانیان لە ژێر سێبەری درەختی جوان و چڕو پڕدا لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان شانیان داداوە .

باسی بەرهەم و سێبەری درەختەکانی بەهەشت

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا﴾ . (الانسان :١٤) .

واتە : سێبەری درەختە جوانەکان بەسەر شوێنە خۆشەکانیاندا سەری فرو هێناوەو لێکردنەوەی میوەکانیش ئاسانەو ملکەچ کراوە .

وە فەرمویەتی : ﴿قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ﴾. (الحاقة :٢٣).

واتە : میوەجاتی درەختەکانی نزیکە لێیەوە، واتە : دەس ڕەسە : بەراوەستانەوە، بەدانیشتنەوە ،دەستی ئەگاتێ، تەنانەت دەمیشی ئەگاتێ، خوای کارزان بەهیچ شێوەیەك نایەڵێ بەهەشتیی ئەزیەت بکێشێ، پاش ئازارو ئەزیەتەکەی دونیای .

وە فەرمویەتی : ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۖ لَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ ۖ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا﴾. (النساء :٥٧) .

واتە : ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن لەئایندەیەکی نزیکدا دەیانخەینە ناو باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار (بەژێر درەختەکانیداو بە بەردەم کۆشکەکانیدا) دەڕوات و لەوێدا ژیانی هەمیشەیی و بەردەوام دەبەنە سەر، هاوڕێ لەگەڵ چەندەها هاوسەری پاك و بێگەردو خاوێن و پاکیزەدا، هەروەها دەیانخەینە ژێر سایەی سێبەری جوان و ڕازاوەی هەمیشەیی یەوە (نە گەرمایان دەبێت، نە سەرما) .

باسی خۆشی کەش و هەوای بەهەشت نەسارد نەگەرم

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ ۖ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا﴾ . (الانسان :١٣) .

واتە : ئەو خۆشبەختانە لەسەر قەنەفەی رازاوەو جوان لە بەهەشتدا پاڵیان داوەتەوە " نە گەرمایی خۆری تیا دەبینن و نە سەرمایەکی سارد، چونکە هەوایەکی مام ناوەندیی و، زۆر خۆش و سازگاری هەیە .

باسی فراوانی و گەورەیی بەهەشت

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَسَارِعُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾. (آل‌عمران :١٣٣).

واتە : پێشبڕکێ بکەن بۆ لێ بوردنێکی گەورە لەلایەن پەروەرگارتانەوە، وە بۆ بەهەشتێك کە پانییەکەی (بە ئەندازەی) ئاسمانەکان و زەوی یە کە ئامادە کراوە بۆ لە خواترسان .

تێبینی : بیرلەگەورەیی ئاسمان بکەوە کە خۆر و مانگ و چەندین هەسارەی گەورەی لەخۆگرتوە ئینجا گەورەیی بەهەشتت بۆ دەردەکەوێت .

لەبەھەشتدا ئەوەی دڵت ئارەزووی بکات و چاوەکانت حەز بەبینینی بکات هەیە و ئامادەیە

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ۖ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ ۖ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ . (الزخرف :٧١) .

واتە : بە سینی و پەرداخی ئاڵتونی (خواردن و خواردنەوە) دەگێڕن بەسەریاندا وە لەو بەهەشتەدا هەیە ئەوەی دڵ حەزی لیٚ بکات و چاو حەز بە بینینی بکات وە ئێوە بە هەتا هەتایی دەمێننەوە تیایدا .

باسی کانیە سازگارەکانی بەهەشت

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ﴾ . (الغاشية :١٢) .

واتە : لە بەهەشتدا کانی و سەرچاوە و تاڤگەی ڕەوانی تێدایە .

وە فەرمویەتی : ﴿عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا﴾. (الانسان :٦) .

واتە : کانی یەکە بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوە لە هەر شوێنێکدا بیانەوێت هەڵی دەقوڵێنن و فوارە دەکات .

لەبەهەشتدا قسەی خراپ و ڕق و کینە نیە

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿لَا تَسْمَعُ فِيهَا لَاغِيَةً﴾ . (الغاشية :١١) .

واتە : لەو شوێنەدا قسە و گوفتاری ناخۆش و نابەجیٚ نا بیستن .

وە فەرمویەتی : ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ﴾ .

(الحجر :٤٧).

واتە : لە کاتێکدا هەرچی کینەو بوغزە لە دڵ و دەروونیاندا دەرمان کێشاو ئەو بەختەوەرانە برای یەکترن و لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان لە بەرامبەر یەکەوە دانیشتون .

وە فەرمویەتی : ﴿لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا ﴿٢٥﴾ إِلَّا قِيلًا سَلَامًا سَلَامًا﴾ (**الواقعة**: ٢٥-٢٦) .

واتە : هیچ جۆرە قسەیەکی نابەجێ ونادروست و ناڕێك نابیستن و یەکتریش گوناهبار ناکەن " جگەلەوتنی سڵاو و وەڵامدانەوە و قسەی خۆش نەبێت .

وَصلَّى اللهُ عَلى نَبِينا محمدٍ و آلهِ وصَحبِه وسلّم

اللَّهُمَّ إِنَّانَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ وَنَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ

٢٣/ ربيع الاول / ١٤٣٧ ك – ٣ / ١ / ٢٠١٦ م

سۆران